**ئەم بابەتە دەقی وتوویژێکە لەگەڵ رۆژنامەی ئاسۆ ، کە لە لاپەڕەی حەوتی ژمارە 227ی سێشەممە 2006/5/23دا بڵاوکراوەتەوە.**
**ئەوەی کە لەڕۆژنامەی ئاسۆدا بڵاوکراوەتەوە بەداخەوە هەڵەی وایتێدایە کە لەیەک دوو شوێندا واتای رستەکە بەتەواوی گۆڕدراوە. ئەمە دەقی بێهەڵەو تەواوی ئەو وتوویژەیە.**

**ئەحمەد ئەسکەندەری**

## ڕوشنبیرو دەسەڵات

- ئایا دەکرێت ڕۆشنبیر خاوەنی پێناسەیە کی دیاریکراوبێت، یاخود سروشتی پێناسەکە لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی دی گۆڕانی بەسەردا دێت . . ؟

بێگومان رۆشنبیر پێناسەی خۆی هەیە. بەڵام بەپێچەوانەی دوکتور و ئەندازیارو مامۆستا و هتد کە پلەیەک لە خوێندەواریو پسپۆری لە بواری خۆیدا بەسە بۆئەوەی بەو پێناسەیە بناسرێتەوە، بۆ رۆشنبیر انەوە، نەک زانیاری و پلەی پسپۆڕی، بەڵگوو رادەی خۆخەریککردن و تێوەگلان لەگەڵ کێشە و پرسە سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئابووری و فەرهەنگییەکانن کە ئەو پێناسەیەی بۆ دەسەلمێنن. سەربەخۆبوون بۆ رۆشنبیر تایبەتمەندییەکی گرینگە. سارتر ئەڵێ: «ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە رێگانادات ببێتە داردەست بۆ ئامانجێک کە هی ئەو نییە.»
دیاردەی رۆشنبیر لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە بەشێوەی بەربڵاو دەردەکەوێت و تێگەیشتنی گشتی ئەوەیە کە رۆشنبیر ئەو کەسەیە بەشێوەیەکی بێلایەنانە چاوەدێری دەسەڵات دەکاتو هەڵسەنگاندنی هەیە لەسەر شێوەی کارکردنی.
پسپۆڕبوون لە بوارێکی زانستیدا وەک پزیشکی یان ئابووری و یان کۆمەڵناسی بۆ ئەوەی کەسێک بە رۆشنبیر بناسرێت بەسنییە بەڵکوو کارتێکردنو هەبوونی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگایە دەریدەخات کە ئایا ئەو کەسە رۆشنبیرە یان نا.
ئەوەی کە سنووری نێوان رۆشنبیران و خوێندەوارانی دیکە دیاریدەکات ڕەخنەگرتنی کۆمەڵایەتی و خۆدەرگیرکردن لەگەڵ سیاسەت و هەڵسوکەوتی حکوومەت بەرامبەر بە خەڵک و دەرخستنی ئەو راستییانەیە کە پەیوەستن بە ژیانی مرۆڤەوە. نوام چامسکی پێیوایە بەرپرسیارەتی رۆشنبیر ئەوەیە کە راستییەکان بڵێت و درۆکان لەقاوبدات لەبەر ئەوەی کە بە بەراورد لەگەڵ خەڵکی ئاسایی، رۆشنبیران زانستو زانیارییو فێرکاری پێویستیان لەبەردەستدایەو کاتیان هەیە بۆ ئەوەی باس لە راستییەکان بکەن. هەر ئەمەشە وادەکات کە بەرپرسیارەتی رۆشنبیران لەچاو خەڵکی دیکە زۆر زیاتربێت.
رۆشنبیربوون زیاترلەوەی کە مافداریبێت، بەرپرسیارەتییە بەرامبەر بە هەڵسوکەوتەکانی دەسەڵاتداران لەگەڵ خەڵکداو هەروەها هەڵوێستوەرگرتن. کەسانێک کە بە کەڵکوەرگرتن لە زانستو تواناکانیان خۆیان بە دەسەڵاتەوە هەڵدەواسنو لە سەر پشتی راپەڕینی جەماوەر بە پلەوپایەو سامان دەگەن، لە ناو زومرەی رۆشنبیراندا جێگایان نابێتەوە.
هێندێک لایان وایە کە دەرکەوتنی یەکەم بازارە سەربەخۆکانی کتێبو هەروەها رۆژنامەگەری فرەلایەن هۆی دەرکەوتنی یەکەم رۆشنبیران بووە.
یەکەم کونگرەی نووسەران ساڵی ١٨٧٨ لەپاریس گیرا کە تێیدا ڤیکتۆر هیوگۆ لە وتارەکەی خۆیدا باس لە خاوەندارەتی نووسەر بۆ کتێبەکانی خوی دەکات و ئەڵێت :«رژیمە دیکتاتۆرییەکان سەرەتا کتێبەکان دەبەن و پاشان وا لەنووسەر دەکەن دەسەڵاتی نەمێنێت؛ لەپێشدا دزی لێدەکەن و پاشان خودی خۆی دەکرِن.»
دوابەدوای کونفرانسەکەی پاریس لە ساڵی ١٨٨٦دا لە شاری بێڕن لە وڵاتی سویس پەیماننامەیەک

بەسترا کە مافی چاپ (کۆپی ڕایت)ی بۆ نووسەران، هونەرمەندان و مۆسیقارەکان دەستەبەرکرد.
ئەمە دەکرێت بە پێشمەرجی پەرەئەستاندنو دەرکەوتنی بەربڵاوی رۆشنبیران دابنرێت.
رووناکبیر ئەو کەسەیە کە کاری بیرکردنەوەیە و راستییەکان لەسەر ئەو شتانەی کە بۆ مرۆڤ گرینگن دەردەخات لەبەرئەوەی جەماوەر پێویستیان بە هەبوونی ئەو زانیارییانە هەیە. دەکرێت لەسێ دەستەدا رۆشنبیران ببینرێنەوە: ئەو نووسەرانەی توێژینەوەی بیروهزر ئەکەن و بەقووڵی ئەچنەناو بابەتێکەوە و کتێبی لەسەر دەنووسن، ئەوانەی مامۆستان، رۆژنامەوانن، پارێزەرن وهتد، ئەوانەش کە رووناکبیری بواری فەرهەنگ و هونەرن.
هەرچەند لەلایەن نووسەران و هونەرمەندان و ژمارەیەک لە خودی رۆشنبیرانیشەوە پێناسەی جۆراوجۆر بۆ رووناکبیر باسکراوە، بەڵام بەگشتی تایبەتمەندییەکانی ناگۆڕدرێت؛ ئاشکرایەکە بەپێی زەمەن ئەرکەکان و شێوەی هەڵسووڕانەکە دەگۆڕدرێت. هێندێک هەڵوێستگرتن و کاردانەوە لەلایەن رۆشنبیرانەوە کاتو زەمان ناناسن و راستبوونی خۆیان سەلماندووە. ئەو هەڵوێستەی کە ئێمیل‌زۆلا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا گرتی، هەروەها هەڵوێستی کەسانی وەک بێرتراند راسێل، رۆمەن رۆلان، سارتر، سیمۆن دۆبوڤوار، چامسکی و نووسەرو رووناکبیری هێندی خاتوو ئاروونداتی رۆی، ئیسماعیل بێشکچی و شاملوو هەموویان سەرەرای ئەوەی هی کاتی جۆراوجۆر و وڵاتانی لەیەک دوورن‌و بە شێوەی جیاواز کاریان لەسەر کردووە، بەڵام هەموو هەر یەک ئاراستەیان هەیە: پارێزگاری‌کردن لە راستی، لەقاودانی تاوانەکانی جەنگو کاولکاری‌و دیکتاتۆری و کۆڵنەدان لەبەردەم دەسەڵاتدا.
ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە ئەرکی رووناکبیران لە کاتی شەڕ، قەیرانی ئابووری و سیاسی‌و کۆمەڵایەتیدا وەک یەک نیە و بەپێی هەلومەرجەکە هەڵوێستی جیاواز پێویستە با گەوهەری هەڵوێست وەرگرتنەکە هەریەک بێت.
بۆنموونە هەڵوێستگرتن بەرامبەر بە ئایین‌و رۆڵی ئایین لە سیاسەتداو پەیوەندی نێوان دین‌و دەوڵەت لەو بابەتە گرینگانەیە کە هیچ رۆشنبیرێک لە سەردەمی ئێستادا ناتوانێت خۆی پێوە خەریک‌نەکات. بەڵام بۆ نموونە هەتا پێش حەفتاکان و بەتایبەت پێش رووداوەکانی ئەفغانستان‌و هێرشی داگیرکەرانەی سۆڤییەت بۆ ئەو وڵاتەو پاشانیش سەرهەڵدانی هێزە ئیسلامییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و لە ئەفریقا و بەتایبەت دامەررانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو ئەندازەیە پێویست‌نەبوو. هەروەها بابەتێکی گرینگی دیکە کەئێستا زۆر پێویستە بەرجەستە بکرێتەوە رۆڵی ژنان لەکۆمەڵگادایە و ستەم و توندوتیژی بۆ سەر ئەوانە لە دونیادا بەگشتی و لە وڵاتانی دەوروبەری ئێمەو کوردستان بەتایبەتی.
گومانیش لەوەدا نییە کە رۆشنبیری لێبراو ئاگادارە لەوەی کە هەڵوێست‌وەرگرتنەکانی هەڵبەت هەروا ئاسان تێپەڕ نابن‌و تێچوونیشی هەیە و لەوانەیە کۆمەڵێک گیروگرفتی بۆبێتە پێشەوە هەروەکوو چۆن ئێمیل زۆلا بەنووسینی نامە بەناوبانگەکەی دادگایی کراو ئەگەر ڕاینەکردایە بۆ ئینگلستان ئەوا دەبوو ساڵێک لە زینداندا بێت.

**- بەدرێژایی ئەو ماوەیەی دەکرێت بەکرانەوە و تێکەڵبوون بەجیهانی دەرەوە ناوزەند بکرێت، دەتوانرێت بەخوێنەواری کورد بڵێین ڕۆشنبیری، وە خودی ڕۆشنبیر خاوەنی چ جۆرە گوتارێک بووە؟**

سەرنجێک بۆسەر ئەوەی کەرۆشنبیر کێیە، وەڵامی بەشێک لەپرسیارەکە دەداتەوە. خوێندەوار نەکورد و نەغەیری کورد هەربەوەی کە خوێندەوارە نابێتە رۆشنبیر ئەگەر تایبەتمەندییەکانی رۆشنبیری تێدا نەبێت. با کەسێک خاوەنی خوێندەواری زۆر بەرزیش بێت، بەڵام ئەگەر هەرلەبواری

زانست و فێربوونەکەی خۆیدا قەتیس بمێنێت و کاری بەسەر ئەوەوە نەبێت کە کۆمەڵگاکەی چ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا دێت و یان بەچ قۆناغێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریدا تێپەردەبێت، ئەوا بۆ پێی بگوترێت رۆشنبیر.

لەبەرئەوەی رۆشنبیر مەوداو توانای ئەوەی هەیە بەشێوەی جۆراوجۆر رای خۆی دەربرێت و بە ئاسانی دەتوانێت زانیاری دەستبخات، بۆیە ناتوانێت خۆی لە ململانێکردن لەگەڵ دەسەڵات لادات بەمەرجێک بڕیاری نەدابێت کە بەرژەوەندی خۆی بخاتەسەر هەموو شتێکەوە. وەبیرهێنانەوەی وتە بەناوبانگەکەی  بێرتۆلت برێشت لێرەدا گرینگە کە ئەڵێت: «ئەوەی راستی نازانێت تەنها گەمژەیە، بەڵام ئەوەی ئەیزانێت و ئینکاری دەکات، تاوانکارە!»

بەشێک لە خوێندەوارانی کورد و تەنانەت ژمارەیەکیش لە رۆشنبیران تووشی نوستالژی بوون لە دەرەوەی وڵات. واتە هێندێکیان بە هۆی نائومێدیو وەکوو کاردانەوەیەک بو سەرنەکەوتن لەو کۆمەڵگایەی تێیدا ئەژین رابردووی خۆیان و ئەو سالانەی ئەوان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ژیاون بە سەردەمێکی ئێجگار خۆش و پڕلە هیواو ئەوین و بێخەوش دەبینن‌و هەردەم ئاواتی گەڕانەوە بۆ ئەو سەردەمە دەخوازن. لەچاو ئەوانەوە کەموکووریش ئەگەر بووبێت بۆئەوە نابن باسییان لێبکرێت.

سەرەرای ئەوەش لە گۆشەنیگای کۆمەڵگای کوردییەوە بەهەموو خوێندکارێک بەتایبەت ئەگەر لە دەرەوە بووبێت، گوتراوە رۆشنبیر. یان باشتر وایە بڵێین وەکوو ڕۆشنبیر چاویان لێکردووە بە چاوەروانییەکی زۆرەوە. خۆ رەنگە لەکۆمەڵگادا ئەمە چاوەروانێکی ئاسایی‌بێت لەکەسێکی دوکتور، ئەندازیار ویان مامۆستای زانکۆ، بەڵام بەداخەوە لە راستییەوە دوور بووە.

نەبوونی کیانێکی کوردی و ستەمی میللی لەسەر گەلی کورد و داگیرکراوبوونی خاکەکە وایکردووە کە بەبۆچوونی ئەم خوێندەوارانە خەبات بۆ نەهێشتنی ئەم بارودۆخە لەکوردستان پێشمەرجی هەموو چەشنە پێشکەوتنێکە. کەسانێک کە هەڵگری ئەم جۆرە بیرکردنەوەن لەراستیدا ناوێرن راستەوخۆ لە دژی گەشەو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بووەستن. بەڵکوو بەبیانووی ستەمی نەتەوایەتییەوە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هەموو ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی پێویستە دوابخرێت بۆ پاش سەربەخۆیی.

چاوخشاندنێک بەسەر هەموو وڵاتە سەربەخۆکانی دەوروبەمان و دیتنی باری ناوخۆی ئەو وڵاتانە بەسە بۆزانینی ئەوەی کە پرسو کێشەکانی ناو کۆمەڵگا بەشێوەی ئۆتۆماتیکی گرێدراوی سەربەخۆیی و نەمانی ستەمی نەتەوایەتی نییە.

گومان لەوەدا نییە کە رووناکبیران کەوتوونەتە ژێر کاریگەری حیزبەسیاسییەکان و هەروەها بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان. جاریوابووە بەپێی هەلومەرج رێگایان لێ داخراوە و یان خۆیان بۆ بەرژەوەندی دوارۆژ وازیان لەکۆمەڵێک ئەرکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی هێناوە. بەشی هەرە زۆری حیزبە چەپەکانیش کەوتوونەتە ژێر کاریگەری نەریتێک کە بەتایبەت دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ستالین؛ واتە بایەخنەدان بە رۆشنبیران کاتێک کە ئەوان پشتگیری نەکەن لە سیاسەتەکانی حیزبو دەسەڵات. ئەم وەزعەیش وایکردووە کە ژمارەیەک لە رۆشنبیرانی ناو ئەو حیزبانە و یان نزیک لەو حیزبانە هەڵسەنگاندیان بۆ بارودۆخەکە رەنگدانەوەی هەڵوێست و بۆچوونەکانی حیزب بێت.

زۆر جار ئەوە بەدی دەکرێت کە خوێندەواران وتەنانەت بەشێکی کەمی ڕۆشنبیران بەناوی پشتگیریکردن لە نەتەوەی کورد و بۆئەوەی بزووتنەوەی کوردی زەرەرمەند نەبێت، هەوڵئەدەن پاساو بۆ دیاردە ناشیرینەکانی ناو کۆمەڵگا بێننەوە؛ وەکوو دیاردەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و شێوەی کارو هەڵسوکەوتی نادیموکراتیانەو رۆڵی ئایین لە کۆمەڵگادا و بەتایبەت باری ژنان چ لە خودی کوردستان و چلە دەرەوەی وڵات.

لەم ناوەدا هەڵبەت ژمارەیەک رۆشنبیری کورد بەوپەڕی نەترسییەوە چالاک بوون و بەتایبەت ژمارەیەک لەو کەسانەی کە لەناوەوەی وڵات هەڵسووڕانیان هەبووە، نەترساون لە دادگاییکردن و

تەنانەت زیندانی کردن و بەرتەسکبوونەوەی مەودای کارو چالاکییەکانیان. ئەمانە هەرئەو کەسانەن کە بۆ پارەو پلەو پایە لە هەڵوێستەکانیان پاشگەز نەبوونەتەوە.

## - پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیرو دەسەڵات چ جۆرە پەیوەندییەکە، ئایا دەکرێت کارتێکردنەکان بە چ شێوەیەک دابڕێژرێت؟

بەبێ هەبوونی کارتێکردن و هەڵوێست بەرامبەر بە دەسەڵات، قسەکردن لە رۆشنبیریو رۆشنبیران بێمانایە. ئەم پەیوەندییە هیچ نیە جگە لە ململانێیەکی بەردەوام و هەوڵدان بۆکارتێکردن بەمەبەستی باشترکردنی بارودۆخەکە. یەکێک لەئەرکە گرینگەکانی رۆشنبیر بریتییە لە رووناکی خستنە سەر لایەنە تاریک و نایدارەکانی دەسەڵات و داموو دەزگای حکوومەت.
نامە بەناوبانگەکەی نووسەری ناوداری فەرانسی «ئێمیل زۆلا» (Emile Zola) لەژێر سەردێڕی «من تاوانباردەکەم» بۆ سەرەککۆماری فەرانسە کە رۆژی ١٣ی مانگی یەکی ساڵی ١٨٩٨هەموو لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی «لۆرۆر»ی گرتبووەوە، یەکێکە لە بەڵگە مێژووییە گرینگەکان بۆ هەڵوێستگرتنی ئازایانەی نووسەر و رۆشنبیر بەرامبەر بە دەسەڵات.
هۆی نووسینی ئەم نامەیە ئەوەبوو کە رۆژی ١٥ی ئۆکتۆبری ١٨٩٤ ئەفسەرێکی جوولەکەی فەرانسەیی بەناوی «ئالفرێد درەیفووس»(Dreyfus) بەتۆمەتی دانی زانیاری بە ئەڵمانییەکان گیرا وپاش دادگاییکردن لەدادگایەکی سەربازیدا لەسەر بناغەی بەڵگەی ساختەو درۆ حوکمی زیندانی هەتاهەتایی بۆ دەرچوو لە دوورگەی «شەیتان». پاش ساڵێک ئەفسەرێک هەوڵێکی زۆری دا بۆئەوەی تاوانباری راستەقینە دەستگیر بکرێت و درەیفووس رزگاربێت. بەڵام تاوانبارەکە لەلایەن دادگای سەربازییەوە بەشێوەیەکی سەیرو بەفرتوفێڵی دەسەڵاتداران بە بێگوناه دانرا. ساڵی ١٨٩٦ ئەفسەرە دادوەرەکان بۆیان دەرکەوت کە هەڵەیەکی کوشندەیان کردووەو درەیفووس بێتاوانە. بەڵام فەرماندەکانی سوپا کە دەیانزانی ئاشکرا بوونی ئەم هەڵەیە ئەبێتە بێمتمانەییەکی گەورە لەلایەن خەڵکەوە، بڕیاریاندا بێدەنگەی لێبکەن و بەم شێوەیە درەیفووس لە زیندان مایەوە.
نامەکەی ئێمیل زۆلا ئاکامی بەدواداچوونێکی چڕوپڕ بوو بەمەبەستی پەردەلادان لەسەر ناعەداڵەتییەک کە یەکێک لە کۆڵەکە گرینگەکانی دەسەڵات کردبووی. ئەو لەنامەکەیدا ئەڵێت: «حەقیقەت لەگەڕدایەو هیچ شتێک ناتوانێت پێشی پێبگرێت.» ئەم نامەیەی زۆلا نەک هەر لە فەرانسە بەڵکوو لە هەموو جیهان دەنگدانەوەیکی ئێجگار زۆری هەبوو. (ساڵی ١٩٩٨ لە سەدەمین ساڵوەگەڕی هەمانرۆژدا زۆربەی رۆژنامە گرینگەکانی فەرانسە دیسانەوە نامەکەیان بڵاوکردەوە و قسەوباسێکی زۆری لەسەرکرا) هەڵبەت زۆلا ئەیزانی کە ئەم کارەی هەروا بە ئاسان تێپەڕنابێت و لەوانەیە تووشی گیروگرفت بێت؛ هەروایشی لێهات و پاش دادگاییکردن بە یەکساڵ زیندان حوکمدرا. ئێمیل زۆلا بۆئەوەی نەکەوێتە زیندان ڕایکرد بۆ ئینگلستان و هەتا دادگایی کردنی دووبارەی درەیفووس و رزگاربوونی کە بووبە هۆی هەڵوەشانەوەی حوکمی زیندانەکەی ئەویش، نەگەڕایەوە فەرانسە.
رۆشنبیرو دەسەڵات ناتوانن پێکەوە پەیوەندی دۆستانە دابمەزرێنن. رۆشنبیر ئەوکاتەی کە ببێتە دۆستی دەسەڵات ئەوە کۆتایی بە ژیانی رۆشنبیری خۆی هێناوە. هەروەها هەڵوێستی رۆشنبیر بەرامبەر بە دەسەڵاتیش دوژمنانە نییە بە مانا کلاسیکەکەی بەڵکوو ئەو هەمیشە وشیارە و هەڵەو لادانەکان و گەندەڵییەکانی دەسەڵاتداران بەجەستەدەکاتەوە.
پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیرو دەسەڵات پەیوەندییەکە گرێدراوی هەبوونی کۆمەڵگای مەدەنی و شەفافییەت و گوێڕایەڵبوونی دەسەڵاتە بۆ پێوەرەکانی دیموکراسی لە وڵاتدا. ڕۆشنبیر بەردەوام چاوەدێری ئەوە دەکات کە مافیمرۆڤ و ئازادیو دیموکراسی پارێزراوبێت و دەسەڵاتیش دیارە پێویستە رێگرنەبێت لەوەی کە رەخنەو هەڵسەنگاندنی رۆشنبیران (با بە دڵی ئەوانیش نەبێت و یان

ڕەخنەی توندیشی تێدابێت) بگاتە گوێی جەماوەر. ئەزموونی وڵاتانی دونیا بەهەردوو بەشی دیکتاتۆری و دیموکراسییەوە نیشانیداوە کە لە هیچ هەلومەرجێکدا ناکرێت بۆماوەیەکی زۆر ڕاستییەکان لە خەڵک بشاردرێتەوە. ڕووخانی بەعس و دەرکەوتنی ئەو هەموو نهێنییانە (کە بەداخەوە هێشتا جەماوەری کوردستان لە بەشێکی زۆر کەمی ئاگادارکراون) دیسانەوە ئەوە دەسەلمێنێت کە هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی ناتوانێت حەقیقەت بخنکێنێت یا بۆ ماوەیەکی زۆریش لەتاریکیدا مابێتەوە. دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێت ڕێز لە ڕۆشنبیران بگرێت بەوەی کە گوێیان لێبگرێتو ڕەخنەگرتن و ڕاو بۆچوونەکانیان ڕەچاوبکات. بەڵام ئەگەر دەسەڵاتێک داوا لە ڕۆشنبیربکات ڕێزی لێبگرێت، ئەوا زۆرتر مەبەست بێدەنگبوون و یان کەمکردنەوەی ڕەخنەکانە بۆئەوەی کاریگەری ڕۆڵی ڕۆشنبیران کەم بکرێتەوە. کە ئەمەش کارەساتە بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

- ئایا تۆ پێتوایە کە ڕۆشنبیر دەبێت تەنها دەرخەری دیاردە و پرسەکۆن و گرێدرانەوەیان بێت بە ئێستاوە، لەمەزیاتر ڕۆشنبیر هەرلەو فەزایەدا بمێنێتەوە کە ئەرکی گۆڕانکارییە. وەک و ئەوەی «جولیان بیندا» دەڵێت: ڕۆشنبیر ئەم ئەرزە بەمەملەکەتی خۆی نازانێت، بەڵکوو بەردەوام بەدوای مەملەکەتی تردا دەگەڕێت . . ؟

ئەگەر ڕۆشنبیر دەست دەنێتەسەر کەموکوورییەکان و ڕەخنەدەگرێت لەبەر ئەوەیە ئەو دەنگی زۆرتر دەرواتو و هەلومەرجێک کەبووەتە هۆی دروستبوونی ئەو ڕەخنەیە بۆئەو ئاسانتر دەردەکەوێت. دسەڵات دایمە چاوەڕوانی ئەوەیە جەماوەر سپاسیان بکەن و ڕەخنەشیان لێنەگرن. یان بەواتای خۆیان «ڕەخنەی ڕووخێنەر» نەگرن. هەرخۆیشیان دیاریدەکەن کامەیە ڕەخنەی سازندەو کامەیە ڕووخێنەر. لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر بۆ هەرکارێک کە حکوومەت یان حیزبی دەسەڵاتدار دەیکات شارۆمەندان و هاووڵاتیان سپاسیان بکەن، ئەی باشە ئەو کەسانەی لەسەر کورسی دسەڵات دانیشتوون ئەگەر بۆ ئەنجامدان و جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانە نییە بۆچی لەو شوێنە دانیشتوون؟ فەلسەفەی هەبوونی ئەوان ئەنجامدانی خزمەتگوزارییە بە شارۆمەندان. ڕۆشنبیران مافی خۆیانە بە وەبیرهێنانەوەی پرسیکۆن و دیاردە مێژووییەکان تیشکبخەنە سەر هەلومەرجی ئێستاو ڕاستییەکانی ئێستای پێ بەرجەستە بکەنەوە.

من لەسەر ئەو باوەرە نیم کە ڕۆشنبیران تەنها دەرخەری پرسەکۆنەکان و گرێدانەوەیان بن بەئێستاوە.

نوام چامسکی دەگێرێتەوە کە:

«ڕۆژی سپاسگوزاری لەگەڵ چەند خزموهاوڕێ لە پارکی میللی پیاسەماندەکرد. بەردەنووسێکم بینی لەسەر گۆڕێک: «لێرەدا ژنێکی سوورپێست(هێندی) ئارامیگرتووە کە تیرە و بنەماڵەکەی خۆیو خاکەکەی کردە قوربانی بۆ ئەوەی ئەم میللەتە مەزنە بتوانێت بژی و گەشەبکات.» هەڵبەت دەزانین کە ئەو هێندییە سوورپێستانەی کە خاوەنی یەکەمی ئەمریکان چلۆن لەگەڵیان هەڵسووکەوت کراوەو دەشزانین بە چشێوەیەک قەلاچۆاکران.

ژمارەیەکی زۆر ئەمریکایی دەچنە ئەو پارکەو بە دڵپاکییەوە ئەو بەردەنووسە دەخوێننەوە بەبێ ئەوەی کاردانەوەیەکیان هەبێت ئەوەندە نەبێت کە خۆشحاڵن بەدیتنی ئەو نووسراوەیە. بەڵام ئەم کەسانە بە جۆرێکیتر هەڵوێستیان دەگرت ئەگەر لە سەر بەردەنووسێک لە «ئاوشویتز» و یان لە «داخائۆ» (شوێنی سووتاندنی جوولەکەکان لەئاڵمان بەدەستی نازییەکان) نووسرابایە: «لێرەدا ژنێک ئارامی گرتووە، ژنێکی جوولەکە کە خۆیو خەڵکەکەی خۆیانو سەروەتو سامانیان بەختکرد بۆئەوەی کە ئەم میللەتە مەزنە گەشەبکات و دەوڵەمەند بێت.»کتێبی Manufacturing Consent ساڵی ١٩٨٧

چامسکی به کەڵکوەرگرتن لەرووداوێکی مێژوویی کە بەداخەوە بۆ زۆرلە خەڵکی ئەمریکا ناروونە لەبەر ئەوەی لە کتێبە مێژووییە رەسمییەکاندا بەشێوەیەکی دیکە باسی‌لێکراوە، رووداوێکی تازەتر دێنێتە بەرباس کە ئەویش قەڵاچۆکردن و سووتاندنی جوولەکەکانە لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا. لەبەر بەشداری ئەمریکا لەم شەڕەداو ئاشنابوونی مێژووەکەی بۆ خوێنەرانی ئەمریکایی، تێگەیشتنیان ئاسانترە و ئەتوانن هەڵسەنگاندنی خۆیان هەبێ لەسەر قەڵاچۆکردنی سوورپێستە(هێندیە)کانی خودی ئەمریکا.

ئەوەی کە رۆشنبیر بەردەوام بەدوای مەملەکەتی دیکەدا بگەرێت، دیارە مەبەست جیهانی بوونی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و بەهاکانی ئازادی و مافی‌مرۆڤە. بۆ رۆشنبیر پێشێلکردنی مافی‌مرۆڤ و ئازادی لە هەر وڵاتێک و لە هەر کۆمەڵگایەکدا بێت دژبە جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤەو بە تاوان دەژمێردرێت. رۆشنبیر بەم چەشنە بەردەوام ئەزموونی خۆی دەوڵەمەندتر دەکات.

**- بۆ گوتاری ڕۆشنبیری کاریگەرییەکانی سنووردارە، ئایا ئەمە پەیوەندی بە بونیادی کەلتووری‌و کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگای کوردییەوە نیە یا خود کێشەکە پەیوەندی بە خودی رۆشنبیرەوە هەیە، وەک ئەوەی «سارتەر» ئەڵێت: ڕۆشنبیر ویژدانی کۆمەڵگایە . .؟**

سنووردداربوونی کاریگەرییەکانی گوتاری رۆشنبیری بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر خودی ڕۆشنبیر کە تا چ رادەیەک توانیویەتی ببێتە پێشەنگ، لایەنگری راستی بێت و نەتوێتەوە لەناو دەسەڵاتدا. یان ئەوەی کە تا چرادەیەک بێدەنگەدەکات لەو دیاردە خراپانەی کە دەیبینێت. هەروەها ئەوەی کە تا چ ڕادەیەک یارمەتیدەری پێکەوەنانی کۆمەڵگای مەدەنییە. بەشێکی دیکەشی هەڵبەت دەگەڕێتەوە سەر خودی دەسەڵاتی سیاسی کە ڕێگای نەداوە بە گەشەی کۆمەڵگای مەدەنی و بواری چالاکبوونی ڕۆشنبیرانی بەرتەسک کردووەتەوە.

بونیادە کۆمەڵایەتی و کەلتووری و سیاسییەکانی کۆمەڵگای کوردی وەنەبێت نەگۆڕبن. زۆربەی دیاردەکان لەم کۆمەڵگایەشدا هەر وەکوو لە کۆمەڵگاکانی هاوتای خۆی دەکرێت دەستییان بۆ ببرێت و ئاڵوگۆڕیان بەسەردابێت. ئایا ژنان مافیان هەیە یان نییانە؟ نامووسپەرستی و کوشتن بەناوی نامووسەوە ئایا دیاردەیەکی کۆمەڵگای زۆرکۆنە و لەناو فەرهەنگی عەشیرەگەریدا ماوەتەوە یان نە؟ ئەگەر ئێمە سەرنجی فیلمە بەنرخەکەی ییلماز گیونای واتە «یۆڵ» بدەین ئەوە رێک تێروانینی رۆشنبیرێکە بۆ یەکێک لەو دیاردانەو دەشزانین ئەو فیلمە چەندە بە فیلمێکی گرینگ ناسراوە و ناوبانگی دەرکردووە.

ڕۆڵی دین‌و جیابوونی ئایین لە دەوڵەت ئایا لەو بونیادانەیە یان نا؟ سەربەستی ئایین و رێزگرتن لە بیروڕای تاکەکەس هەڵبەت زۆر گرینگەو پێویستە. بەڵام ئەوەش راستە کە بەناوی ئەم رێزگرتنەوە پاشەکشە بە بەها دیموکراتیکەکان کراوەو سەردانەواندن لەبەردەم کۆنەپەرستیدا بەداخەوە باجی گەورەی لێکەوتووەتەوە.

بەکورتی سنووردداربوونی کاریگەرییەکان هۆیەکەی دەگەڕێتەوە سەر بەرتەسکبوونی مەیدانی خۆتێوەردان و دەرگیربوونی رووناکبیران لەو پرس‌و بابەتانەی کە لە گەڵ ژیانی روژانەی خەڵکی دا دەستەو یەخەیە.

زۆرجار دەبیسترێت کە کەلتوور و سیاسەت وکومەڵگای کوردی پێشەکەوتوو نییە و ئەمەش ئەکرێت بە کۆمەڵێک بەهانە بۆ نەکردنی کار لەبواری جۆراوجۆردا. ئەوکەسانەی نایانەوێت هەنگاو هەڵگرن بۆ گەشەپێدان بە کۆمەڵگا هەرجارەو بەهانە بۆ شتێک دێننەوە؛ جارێک بۆ جەهل و جارێک بۆ هەل‌ومەرجی ناوچەیی و جارێک بۆ باری نالەباری ئابووری و هتد.

- وەک وتمان یەکێک لەئەرکەکانی ڕۆشنبیر دروستکردنی گۆڕانکارییە، یاخود دروستکردنەوەی دەسەڵاتی رۆشنبیرییە تا ئەو رادەیەی دەسەڵاتی سیاسیو کۆمەڵایەتی تەنها گوێگری قسەکانی نەبێت، بەڵکوو بکەوێتە ژێر کاریگەرییەکانی و ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، ئەمە چۆن لێکدەکەیتەوە؟

ململانێی نێوان رۆشنبیر و دەسەڵات، کێشەیەکی بەردەوامە و هەتا ناکۆتا هەر دەروات، لەبەر ئەوەی دەسەڵات قەت ناتوانێت هەموو خواستو پێداویستییەکانی خەڵک دابین بکات و جەماوەریش هەردەم دەکەونە ململانێ لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا.
مەبەست لە دەسەڵاتی رۆشنبیری هەڵبەت دەسەڵاتی رۆحییە کە بریتییە لە رێزگرتن لە راو بۆچوونی ئەو رۆشنبیرانەی کە قسەکانیان لەناو خەڵکدا برەوی هەیە و لەو رێگاوە دەتوانن پێش بە هێندێک شت بگرن و یان ببنە هۆی بەرەوپێش چوونی هێندێک شتیدیکە. ئەم چەشنە دەسەڵاتە دەتوانێت لەرێگای هاودەنگی و هاوئاهەنگی نێوان رۆشنبیراندا پەرە بستێنێت و لەئاکامدا رەوتی رووداوەکان خێراتر دەبنەوەو رێگای گەشەی کۆمەڵایەتی هەموارتردەبێت. کاریگەری رۆشنبیر لەسەر دەسەڵات تەنها لە رێگای کۆکردنەوەی جەماوەرە بەدەوری خۆیانەوە. ئەو کاتەی دەسەڵاتی سیاسی تێبگات کە رۆشنبیر دەتوانێت لە ناو خەڵکدا بیرورا دروستبکات حیسابی لەسەر دەکاتو ئەوەش تاقە هێز و کەرەستەی رۆشنبیرە بەرامبەر بە دەسەڵات.
بەڵام بۆئەوەی قسەی رۆشنبیر بتوانێت برەو پەیدا بکات، پێویستە لەکاتی هەستیار و مەترسیدار و یان لەوکاتانەی پرسی گرینگ لە کۆمەڵگادا دێنەئاراوە، توانایی رۆشنبیری خۆی نیشانبدات.
بەبێ‌گوێدانە ئەوەی کە ئاکامی هەڵوێستەکەی بۆخۆی چکاردانەوەیەکی دەبێت.
ئیسماعیل بێشکچی لەسەر پشتگیری‌کردن لە دۆزی گەلی کورد، چەندین ساڵ لەزیندان بوو. زۆر گرینگە کە رۆشنبیر هیچ بابەتێکی مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بە لایەوە بڤە نەبێت.
سەدوبیستەویەک رۆشنبیری فەرانسە کاتێک کە بۆیاندەرکەوت ئەرتەشی فەرانسە لە ئەلجەزایر ئەشکەنجەی ئەسیرو گیراوەکانیان داوە نامەیەکیان نووسی کە بە «نامەی ١٢١ لەدژی ئەشکەنجە» ناوبانگی پەیداکرد. لەونامەیەدا بەبێ ئەملاوئەولاکردن ئەوسیاسەتەیان مەحکوومکرد. وەها هەڵوێستێک بێگومان کاریگەری خۆی هەیە لەسەر دەسەڵاتداران.
حیزبی سیاسیو دەسەڵات بۆ کۆکردنەوەی دەنگو جەماوەر لەدەوری خۆیان زۆرجار یان پارێزگاری لە کۆنترین دابونەریت و فەرهەنگی دواکەوتوو کردووە یان ئەوەی لە باشترین حاڵەتدا لە بەرامبەر ئەو دیاردانەدا بێدەنگەیان کردووە. ئەوە رۆشنبیرانن کە دەتوانن ئەو لایەنانەی دەسەڵاتدارانی سیاسی بخەنە روو.
ئاناتۆل فرانس نووسەری ناوداری فەرانسە لەکاتی ناشتنی تەرمی ئێمیل‌زۆلادا وتارێکی خوێندەوە: «بە رەچاوکردنی ئەو ئەرکەی لەسەر شانی منە بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو خەباتەی زۆلا بە لایەنگری لە حەقیقەت و دادپەروەری کردی، ئایا دەگونجێت من بێدەنگ بم . . . ؟» ئاناتۆل فرانس لە کۆتاییدا ئەڵێت «ئێمیل زۆلا ساتێک بوو لە ویژدانی مرۆڤایەتیدا.»
لەکاتێکدا کە دەسەڵات بەردەوام ئومێدەوارە بەوەی کە رۆشنبیر چالاکییەکانی کەمترو کەمتر بکاتەوە، لەهەمانکاتدا رۆشنبیر دەبێت بێ‌پسانەوە فشار بێنێت بۆئەوەی پێشرەوی بکات بەشێوەیەک کە هەڵگرتنی هەر هەنگاوێک لەلایەن دەسەڵاتەوە لە ئەنجامی بیرکردنەوەیەکی قووڵدا بێت و پێشبینی کاریگەرییەکانی لە سەر جەماوەر کرابێت.

***************************

ئەحمەد ئەسکەندەری